کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# له دژی بەردبارانکردنی دوعـــــا
# له دژی کوشتن و سەرکوتی هەر ڕۆژەی ژنانی کوردستان
# بە گوڵ و مۆم بەرشداری بکەن له ناڕەزایەتی مەیدانی مینتتۆریت

داوا له هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان، ڕێکخراوە یەکسانیخوازەکان و هەموو ئەو کەسانەی کە لە پەیوەند مافی مرۆڤدا کاردەکەن بەشداریبکەن لەم خۆپیشاندانەدا و هاوپشتی خۆیان بەیانبکەن لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان

**کـــــات**: **ڕۆژی شەممە** 12**ی ئایاری** 2007

**کاتژمێر**: 00 : 14

**شوێن**: Mynttorget 2، **بەردەم پەرلەمانی سوید لە ستوکهوڵم**

بۆ پیشاندانی ئەم ناڕەزایەتییە بانگەوازی چەند وەزیرمان کردووە، لە نێویاندا وەزیری دەرەوەی سوید کارل بیلدت، وە یەکێك لە وتاربێژەکانی ترمان لە ئەڵمانیاوە مینا ئەحادییە، بەرپرسی نێونەتەوەیی کەمپینی دژی بەردبارانکردن بە وتار بەشداری ئەم خۆپیشاندانە دەکات. هەر لەم پەیوەندەدا شامیم بە ئاوازێك لە دژی بەردبارانی ژنان لە ئێران، بەشداری دەکات. هەروەها لە ترکیاوە گۆرانیبێژێك بە ئاوازێك لە دژی کوشتنی ناموسی پەیامی خۆی ڕادەگەیەنێت. هاوکات لەگەڵ ئەم ناڕەزایەتییەدا چەند چالاکی و دانیشتنمان دەبێت لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی سوید و ئەو ڕێکخراوانەی کە دژی توندوتیژی و بەردبارانی دوعاکانن.

لەگەڵ ڕێکخراوی (یەکەم منداڵان) و تۆڕی دژی ناموسپەرستی، لەم پەیوەندەدا نامەیەکی کراوەمان ئاڕاستەی ئەم ڕێکخراوە مەدەنییە گەورەکان کردووە:

ڕێکخراوی فریاکەتنی منداڵ، ئەمنستی، خاچی سوور، نوێنەری یەکسانی، نوێنەری منداڵان، نووسینگەی دژی هەڵاوردن و هەروەها ڕوونویشتێك بۆ تەواوی میدیاکان.

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com

بۆ هەموو ئەوانەی کە لە دەرەوەی سوید دەژین، دەتوانن تا دوانزەی ئایار، ڕۆژی خۆپیشاندانەکە، نامەی ناڕەزایەتی خۆیان بە زمانی کوردی یان ئینگلیزی بنێرن تا لە خۆپیشاندانەکە بیخوێنینەوە و پاشان لە ماڵپەڕەکەماندا بڵاویبکەینەوە.

## ڕێخراوی هەرگیز پێلا و فادیمە لەیاد مەکەن


www.pelafadime.se
sara_mohammad1607@yahoo.se
shermn_27@hotmail.com
sara azizi tel: 0046739713722
sara mohammad tel: 0046704411075


جێگای ئاماژەکرد کە کۆمەڵێك ڕێکخراو و لایەن هاوپشتی خۆیان بۆ ئەم ناڕەزایەتییە ڕاگەیاندووە، لە نێویاندا ئامانەی خوارەوەیە

**1- Amnesty.**
**2- Gröna kvinnor - miljöpartiets kvinnoförbund.**
**3- Vänster partiet.**
**4- Internationell kommittén mot stening – Tyskland.**
**5- Kvinnors rätt.**
**6- Karma- mångkulturellt resurscentrum i Spånga-Tensta.**
**6- Irakiska kvinnoföreningen i Sverige.**
**7- Radio kvinnors röst på Kurdiska.**
**8- Iranska kvinnors kamp för frihet.**
**9- Nätverket mot hedersrelaterat våld.**
**10- Stödkommittén för kurdiska kvinnor.**
**11- kvinnojouren Somaya.**

PDF Created with deskPDF PDF Writer - Trial :: http://www.docudesk.com